تەنکبوونەوەی ڕۆح

ئاواهی سەما مەکە .. ئاواهی پێ لە زەوی مەکوتە

دەترسم باڵا بگریت و ... هەر ڕۆژێکە و ... هەر شەوێکە

چاو تروکانێك و ... ئیتر تا ئەبەد ...

بفڕیت بگەیتە شانشینی یەکێ لە ئەستێرەکان

چما تۆ چەند دڵت هەن ...

تا ئاواهی دەستەسڕی ڕاخراوی سواڵکەران

لەسەر هەموو شۆستەکانا ... لەبەر پێی ڕێبواران ڕاییخەیت ...؟

لەبەر قاپی بێوەژن و قەیرە کچ و سۆزانییەکان

قوتیلە و ... چرا ئاسا دایدەگیرسێنی ..؟!

تۆ هەڵگری چ موعجیزەیەکی ...

تا بتوانی ئاواهی لە ژێر پێستی وشك و چرچەوەبووی پیرەژنەکان

ئەو هەموو ڤینۆس-ە نووستووە وە ئاگابێنی ...؟

لە کام خوداوەند ...

ئەو هەموو دەستانەت قەرز کرد تا ئەو هەموو دڵە ..

کەوتووانەی پێ هەڵگریتەوە ...؟

چ زوو ... بە چ سیحرێك بوویتە فریادڕەسی ئەو هەموو مریەمانە

مریەم-ە تەنیاکانی ژێر شۆڕەبییە غەمگینەکان ...

ئەم سەنتوورەی ژێر پەنجەکانت چەند هەزار ژێیە ...

یا تۆ .. ئەی ئەو مۆسیقاژەنەی بە هەزار پەنجە

لە هەزار ژێی خەم و خۆشی .. هەزار و یەك نەغمە دەژەنیت

لە رۆحی رەشەبا سەرشێتی و

لە تریفەی مانگیش ناسکیت قەرز کرد

چ باوەشێکە ئەوە کە ئارامگای ملیۆن مریەم و ...

ملیۆن سۆزانیی ..؟!

عیشقی تۆ مل شکانی تاقگەکانە بەسەر تاشەبەردەکانا

کە زەوی بەیاری رۆحی دوژمنانت وشك دەکەن ..

چ میهرەبان ... بەراوی جۆگەلەی خوێنینی دڵەکەت..

بەردەدەیتەوە سەر خاکیان..

کە دارستانە خائینەکانیش گڕ لەخۆ بەردەدەن

بۆ مەلە سووتاوەکانی لە کەلێنی پەنجەکانتا هەر هێلانەیە و

خۆشی دەکەی ...

ئاواهی مەچریکێنە .. با ئەو هەموو قەهر و حەسرەت و غوربەتە

ئەستێرە هەرە دوورەکان دانەڕژێنێ

مردووە نامرادەکانی نێو ئەشکەوتە خامۆشەکان رانەچڵەکێنی

لە کام بێستان ئەو هەموو شەمامەی دڵەت رنییەوە

لە کام رەز ئەو هەموو دەنکە ترێی چاوانە ..؟!

پاشای چ مەملەکەتێکی کە ئەڤین تیایدا فەرمانڕەوایە

ئەندازیارانی ملیۆن پردی رووخاوی نێوان دڵەکان

لە چرکەیەکدا هەڵدەبەستنەوە

پزیشکەکانیشی وەك هەرمێ دڵەکان دەردێنن و دەیشۆنەوە

چ سیحرێکە کە کۆتایی هەموو جادە و کۆڵانەکان

هەر دەچنەوە نێو دڵی تۆ

مەسیحی چ رۆژگارێکی کە ئەو هەموو لازارۆس-ە

لە گۆڕەکان وەئاگا دێنی

لە پشت عەباکەتەوە هەزار مریەمی مەجدەلییە

کەزی و بسك خوێناوی لە ترسی بەردباران ... خۆدەشارنەوە

ئەی ئەو ئەهریمەنەی بە زبانی فریشتەکانیش دەزانیت و ..

ئەی ئەو بەرگدرووەی بۆ ملیۆنەها مێینەی هەلاهەلای

دوای شەڕ و شۆڕی نێرینە جەهەننەمییە دڵا بەردەکان

فریاناکەویت پەردەی کچێنیی بدووریتەوە

ماندوونەبووی هۆ ئاسنگەری سینەسووتاو

ئەوەن لەسەر سندان شمشێر بشکێنی

لە باخچە جێماوەکان گوڵا ئاوبدەی .. هۆ باخەوانی مایە پووچ

ئەی ئەو قومارچییەی هەموو شتێکت دۆڕاند تا حیکمەتی شێتەکان

بەریتەوە

بۆچیتە هۆشمەندی.. کە مامۆستاکان داهۆڵا و قوتابییەکانیش تووتی بن ...؟!

1996